# ساتیر هۆرمۆنێکە کە ئارامی لەبەربڕاوە

## بۆ کاروان عەلی

" هاوڕێمان بۆچییە، ئەگەر بەپێویستی نەزانین؟" William Shakespear

پۆلا سەعید

بەڕێز کاک "کاروان عەلی" لە نامەیەکیدا کە بەرواری 26.04.04 لە ڕێگەی کوردستان نێتەوە ئاڕاستەی منی کردووە، تێیدا دەفەرموویێت، کە گوایە من بەناهەق ناوی بەرێزیم هێناوە و سووکایەتیم پێکردووە. هەمانکات بەڕێزی تیشکی خستووەتە سەرئەوەی کە من هەمانشێوە گاڵتەجارییم بە هەولێر و دانیشتوانەکەی کردبێت. برای بەرێز من نە سووکایەتیم بە بەڕێزت کردووە نە بە دانیشتوانی شاری هەولێر. ئەگەر پێتوایە ڕەخنەگرتنەکەی من لە بەڕێزت لەسەر کاک ڕەهبەری سەید ئیبراهیم سووکایەتییە، ئەوا ببەخشە بەرێزت ناتوانیت توانج و ڕەخنە و سووکایەتیی لێکجیابکەیتەوە. ئەگەر پێتوایە کە من لە چەند ڕستە و دێڕێکدا بە لەهجەی کۆیی هاتوومەتە دوو سووکایەتییە، ئەوا ببەخشە بەڕێزت دڵداریی لەگەڵ وشەدا نازانیت بکەیت. ئەگەر پێتوایە ڕەخنە ئەوەیە بەرانبەرەکەت بە ڕاکردوو پێناس بکەیت و بێبەشی بکەیت لەوەی کە کوردە و لەگەڵ ئازار و ئەشکەنجەکانی نەتەوەکەیدا نییە، بە پاساوی ئەوەی کە دانیشتووی ئەوروپایە، ئەوا ببەخشە بەرێزت بۆ چرکەساتێکیش چییە لە بەرهەیوانی ئازارەکانی "ئێچچە هۆمۆ"ی "فریدریش نیچە"دا دانەنیشتوویت. بەهەرحاڵێک، بۆ هەموو ئەو پێناسانەی کە بەرێزت لە نامەکەتدا پێناسی منت کردووە، من بە تاکە دێڕێکیش چییە بە شیاوی ئەوەی نازانم وەڵامێک بنووسم. بۆچیی من لەسەر کاک ڕەهبەری سەید ئیبراهیم هاتمە دەنگ؟ ئەوەش هەر بەپێویستی نازانم بۆت ڕوونبکەمەوە، چونکە من ناوی وتارەکەم نابوو " ڕەهبەری سەید ئیبراهیم گوڵێکە بە ئێخەی قەندیلەوە" ئەمە خۆی لە خۆیدا جیهانێکە لە هۆکانی هاتنە قسەم لەسەر خودی کەسی ناوبراو. وەڵامەکەی بەرێزت لۆ من ناوی " لە کاروان عەلی"یەوە بۆ پۆلا سەعید بوو. بەڕێزت داوات کردووە کە داوای لێبووردن لە بەرێزتان و لە بەرێز کاک "عومەر فارس" بکەم، وەک نەریتێکی ڕۆژنامەوانیی.

1. من خۆم بە خاوەنی کارێکی خراپ و دزێو نازانم هەتا داوای لێبووردن لە بەرێزت و لە کاک عومەر فارس بکەم.
2. من ڕۆژنامەوان نیم، هێشتا ئەو شانازێتییەم وەرنەگرتووە، بەڵام نەریتێکی دی شک دەبەم ئەویش پێیدەڵێن "هۆمۆ" "تکایە ئەم وشەیە لاتینە هەوڵبدە لە ماناکەی بە هەڵە نەگەیت.
3. من لە کاتێکدا ئامادەم داوای لێبووردن لە بەرێزت بکەم کە بیسەلمێنیت بە دۆکۆمێنت، کە وتاری " هەڵۆ سوورەکانی قەندیل" نووسینی کاروان عەلی موڵکی بەرێزت نیە. بەڵکوو کەسێکی دی ناوەکەتی بەکارهێناوە. دیارە بەرێزت بە تیۆریی دەتوانیت بیسەلمێنیت. بەڵام هەرکات ئەم

پەیامەت ئاڕاستەی کەسی ناوبراو کردەوە، ئەوسا چاوەڕوانی وەڵامی داهات دەکەین.
هەمانکات منیش ئامادە دەبم داوای لێبووردن نەگ لە بەڕێزت و لە کاک عومەر بگرە لە خوێنەریش بکەم.
جا بەرێزم کاک کاروان عەلی بەهیوام ئەگەر جارێکی دی کەسێک ڕەخنەی کردیت و کەمێک ساتیر هاتە پێش چاوت لە وتارێکدا هەوڵبدە بە دڵێکی گەورەوە وەریانبگریت چونکە " ساتیر هۆڕمۆنێکە کە ئارامی لەبەربڕاوە"

27.04.04

www.kurdistannet.org